کە ساڵانێکە ئاراتەخوازی ئەوەیە کە ئەزموونێکی خۆماڵی بێت، ئەم ئەزموونە نوقسانی هەیە، کەمتەرخەمی دەکرێت، گەندەڵی تیایە، چەندە گرنگە ئەو گەندەڵی و نوقسانیانە چارەسەر بکرێت، ئەوەندەش گرنگە خودی ئەزمونەکە حیساب بکەین، نەیفەوتێنین و نەیخەینە بەردەم ئەگەری داڕووخان، بەرپرسانە مامەڵە بکەین. ئێمە لە یەکگرتوودا ستراتیژیەتمانە، پاراستنی ئەزمونەکە ئەرکی سەرەکییە، راستەکردنەوە و چاککردنەوە و چاکسازی لە ئەزمونەکەشدا ئەرکێکی سەرەکی دووەمە، بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی هەردوو ئەرکەکە دەتوانین بگەینە ئەنجام، نەك یەکێکیان بەتەنها، کەسانێك هەموو نوقسانییەك بفرۆشن بەسەرماندا بەناوی ئەوەوە کە ئەمنی نەتەوەیی دەپارێزرێت، یان ئەزمون دەپارێزێت، هەڵەیە، ئەو کەسانەش کە ئەزموونەکە زەربی سفر دەکەن بەناوی ئەوە کە نوقسانە و گەندەڵی تیایە، ئەوەش هەر هەڵەیە.

ئەو گرفتانەی کە هەیە لەگەڵ تێگەیشتنی حوکمڕانی بەغدا لە مەسەلەی فیدراڵی، ئەویش مەسەلەیەکی گرنگە، **ئەو گرفتانەی دروست بووە لە بەینی هەولێر و بەغدادا چارەسەری دەوێ، بە حەکیمانە، بە سەبر و خۆڕاگرییەوە چارەسەری دەوێ، نە بە وتار و ئەدەبیاتی سیاسی چارەسەر دەبێ، نە بەوەش کە پشتگێ بخرێت و خۆمان لێرە حیساب بکەین کە بێ بەغدا دەتوانین شت بکەین**، هەموو لایەك ئاگامان لێیە کە هەموو ئەوانەی کە بەحیساب دۆست و هاوپەیمانن لە بەغداوە سەیری مەسەلەکانی کوردستان دەکەن و بەغدا ناگۆڕنەوە بە کوردستان، دەبێت ئێمەش لەوە بگەین و لەگەڵ تێگەیشتنی ئەوەدا مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکاندا بکەین، گرنگە کە کاربەدەستی کوردستان، دەسەڵات لە کوردستاندا، هێزە سیاسییەکانی کوردستان، کە بە نوێنەرایەتی دەچنە بەغدا بۆ نوێنەرایەتی مەسەلەکانی کوردستان لەوێ نوێنەرایەتی دەکەن، بەڵام شەریکی حوکمڕانی کوردستانن، دەبێت بە نیەتی شەراکەتی حوکم لە عێراقدا و وەك سەفیری کوردستان لە بەغدا، پەرلەمانتار دیارە نوێنەری کوردستانە، وەك پەرلەمانتارێکی بەسرە نوێنەری بەسرەیە، سروشتییە، بەڵام پۆستە سیادییەکان شەراکەتی کورد لە بەغدا وەکو پێکهاتەیەکی ئەساسی مەسەلەیەکی گرنگە و نابێ فەرامۆش بکرێت، نابێت ئەو دوو شتە تێکەڵ بکرێن، پەرلەمانتاری لەگەڵ حوکم و پۆستە سیادییەکان جیازە، بۆیە ئەو شێوازە دەبێت مامەڵە بکەین لەگەڵ بەشداریمان لە حوکمڕانی عێراقدا، کورد پێگەیەکی گرنگی هەیە، خەڵکی کوردستان بەشێکی ئەساسییە لە عێراقدا، بەڵام دەبێت خۆشمان بزانین چۆن ئەو ئەرکە بەجێدێنین.

پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان دەورووبەر، نزیکەکان و دوورەکان، بە تێگەیشتنی موعادەلە و هاوسەنگییەکان دەبێت ببێت و دەبێت فوو نەکەینە خۆمان و شتەکان لە ئاستی سروشتی خۆی گەورەتر نەکەین و، بزانین لە هەموو حاڵەتەکاندا هەرێمی کوردستاندا بەشێکە لە عێراق و مامەڵە دەوڵەتیەکان لەگەڵ عێراق دەکرێ، ئێمە زۆر جار بیستوومانە و پێمان وتراوە کە مەسەلەکانتان لەگەڵ عێراقیەکان ڕێکبخەن، بۆیە لەگەڵ هێزە عێراقییەکان دەبێت کاری جددی بکەین و حەق و حیسابی خۆمان لەگەڵ عێراقییەکان ڕێکوپێك بێت و، جەماوەری خەڵکی کوردستانیش لە راستییەکان ئاشنا بن، شتەکانیان لێ نەشارینەوە بۆ ئەوەی موفاجەئات دروست نەبێت، بۆئەوەی تووشی چاوەڕێی هەڵە نەبن.

ناوچە جێ ناکۆکەکان بەڕاستی بڵێین دابڕاوەکان لە هەرێمی کوردستان کە ئەو ناوچانەن بە کەرکوکەوە گرنگن و ئەساسین و بەشێکن لە پرۆژەی ئەساسی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان، کەسێکیش نییە رازی بێت بەو دابڕانە، بەڵام واقیعەتی سیاسیش داوای ئەوە دەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکەین، بە ڕێگەی دەستوری مادەیەکی دەستوری هەیە فەلەج کراوە، مەشغوڵ کراوە، پەك خراوە، ئەوە راستە، بەڵام ئەو ئەندازەش کە مومکینە دەبێت لەسەر مەسەلەکە بڕۆین و، بە ڕێگەی یاسایی و دەستوری ئەو ناوچانە بگێڕدرێتەوە، کار بکرێت بۆ گێرانەوەی ئەو ناوچانە یان مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەلەفەدا، هێزی سیاسییەکانی کوردستان دەبێت هاوکارییەك بن و تەواوکارییەك بن، کەسیان ملۆزمی ئەوی تر نییە، یان جێگەی ئەوی تری نەگرتووە، هەرکەسە تایبەتمەندی خۆی هەیە، مێژووی خۆی هەیە و جەماوەری خۆی هەیە، خەڵکی کوردستانیش زۆری بەشی هەمووان دەکات.

پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەیە، ئەگەر بتوانین پرۆسەیەکی نەزیە و پاك، دوور لە ساختەکاری، دوور لە توندوتیژی بەڕێوە ببەین، ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە بۆ هەموو هەرێمەکە، بۆ هەموو هێزە سیاسییەکان، لەپێش هەموویانەوە دەبێت ئازایی و دەستخۆشی لە دەسەڵاتی کوردستانی بکرێت، بەڵام ئەگەر دەسەڵات زۆرتر بترسێت و زۆرتر پەلەقاژە بکات و دەست ببات بۆ ساختە، ئەمە جێگای پرسیارە، هێزە سیاسییەکان هەموویان ئەمڕۆ لە تاقیکردنەوەدان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ئومێد دەکەین کە ئەو پرۆسەیە بتوانێت زۆرترین چاکسازی لە مەسەلەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردندا بکرێت و، لە جاران دوورتربین لە ساختەکاری و گزێکاری و ناشیرینکردن و لیستی ڕەش.

ئومێدەوارین کە ساڵی داهاتوو، ساڵی (٢٠١٠)، کە دەبێتە ساڵێکی گرنگی چارەنووسسازە بۆ عێراق، ئەنجام بدرێت و ساڵی حەڤدەهەمی یەکگرتووشە، بتوانین ئێمە وەك یەکگرتوو بەشێکی کاریگەر و هاوکارێکی باشن بین، بەشدارێکی جددی بین لە مەسەلە نیشتمانی و ئیسلامی و مەسەلە عێراقییەکان و مەسەلە کوردستانییەکانمان و، بتوانین بە هەموو لایەکمانەوە هەموو هێزەکان دۆستانە ئەو ئەزموونەی کە ڕەنجی سەدان ساڵەی ئەو میللەتەیە و بەشی هەموومانی پێویە، هەریەکە بەشێوەیەك، هەریەکە بە ئاستێك ئەزموونەکە بپارێزین و بەرەوپێشی ببەین و ناوخۆ و ناوماڵی کوردی و کوردستانیمان چاکتر بکەین، ئەو هێزە و ئەو خەڵکەی کە لە کوردستاندایە، بە برایانی تورکمان و ئاشوری و یەزیدی و ئەو لایەنانەی لەڕووی ئایینییەوە، یان لەڕووی نەتەوەییەوە جیاوازییان هەیە لە کورد هەست بکەن، کە ئەوە نیشتمانی ئەوانە و هاوولاتی ئەو نیشتمانەن و بە هەموومانەوە مافەکانیان بپارێزین لە مافەکانی خۆمان باشتر، ئەو ئەزموونە ئەگەر ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنێت، ئەوە باشترین زەمانەتە، باشترین ڕەسیدە بۆ ئەوانی تر، ئیعترافمان پێ بکات، حیسابمان بۆ بکات و زۆرتر بەدەم داواکاری و خواستەکانەوە بێت، ئەو پێشەکییە کافیە بۆ ئەوەی کە ئێوەش بتوانن پرسیارەکانتان بکەن.

پاشان نوێنەری ژمارەیەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو کە ئامادەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە بوون، پرسیاری خۆیان ئاراستە کرد و ئەمینداری گشتی یەکگرتووش وەڵام و ڕوونکردنەوەی زیاتری دەربارەی مەسەلەکان پێشکەش کرد.

لە وەڵامی سەرنووسەری ڕۆژنامەی یەکگرتوودا، کە ئاماژەی بەوە کرد شانزە ساڵ تەمەنێکە و ئەگەر کەسێك ئەوکاتە لەدایك بووبێت، ئێستا تەمەنی (١٦) ساڵە، واتە نەوەیەکی نوێ پێگەیشتووە، یەکگرتوو وەك مێژوو دەناسێت، ئەك وەك واقیع تیایدا ژیایێت، لە لایەکی ترەوە یەکگرتوو لە هەموو پرسە سیاسییەکانی کوردستاندا ژیاوە و کارەکتەری سەرەکی بووە، بوونی یەکگرتوو شەرعیەتی بە پرسەکان داوە، بەتایبەت لە سەردەمی دوو ئیدارەیدا، ئەم بوونەی یەکگرتوو و ئەم لایەنە سیاسییە ڕوانگەی بۆ ئایندە چییە؟ دەتوانین بڵێین یەکگرتوو پاش شانزە ساڵ مودێلێکی نوێی پێیە بۆ ئۆپۆزسیۆن و دەتوانێت شتێکی تازە پێشکەش بکات؟ یان بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕەوتەی پێی ئاسراوە؟

مامۆستا سەلاحەدین وتی:

من وادەبینم کە یەکگرتوو شانازی دەکات بەوەی ئامادەیی لە هەموو دەڤەرەکان بووە، لە کاتی دوو ئیدارەیی و سێ ئیدارەییشدا، چونکە جاروبار ئیدارەیەکیش بووە لە ناوچەی هەڵەبجەدا، لە هەموویدا ئامادەبووە، دیارە ئامادەبوون لە حاڵەتێکی وا زۆر ئاسان نەبووە، بۆیە لەگەڵ سیاقە واقیعی و سیاسییەکەیدا دەبێت حیسابی بۆ بکەین، تایبەتمەندی ئەو وەزعە دەبویست کە بەو ئارامییە بێت، بە پاراستنی خۆی، بەبێ ئەوەی تەنازول بکات لەسەر نەگۆڕەکانی خۆی و بۆ ئەوەی تەئکیدی بکات و بیبێە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەو پرۆسانەی کە دەبوو تەنها یەکگرتوو دەیتوانی لە هەردوولا ببێت لە هەموو شوێنەکاندا، ئەو پرۆسانە هەمووی بۆ دەستگەرمکردن و بۆ ڕاهێنانی جەماوەر بووە، بۆپرۆسەی دیموکراسی، لەبەرئەوە ئێمە ـ وەك عەرزم کرد ـ هەر لە سەرەتاوە بڕوامان بەوە هەیە سندوقی هەڵبژاردن باشترین ڕێگەیە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، بۆ دەستکاری مەسەلەکان بە ئاراستەی باشتر، دیارە لەگەڵ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون، گۆڕانکاری باش ڕوویداوە، ئەو گۆڕانکارییە شتێك نییە لەخۆوە بووبێت، بە حزوری هەموو لایەك، بەتایبەت ئەو هێزانەی کە نەتووانوەتەوە بە وەزعەکە، خۆیان پاراستووە لە توانەوە و چێش بوون لەگەڵ وەزعەکەدا، ئەوانە ئەو هێزانەن کە توانیویانە ببنە بنەڕەتی ئەو حاڵەتەی کە ئێستا دەیبینین، بەرەوپێشچوونێکی زۆر هەیە لە کراوەیی، لە ئازادییەکان، لە قسەی ڕاست و دروستکردن، لە خوێندنەوەی باش بۆ مەسەلەکان، ئەوسا حاڵەتێك بوو کە کەس ئاگای لەپشتەوەی بڕیارەکان نەبوو، یان ئەگەر ئاگایشی بووبێت، ژمارەیەکی کەم و بێ ئەوەی کەس قسەی لەسەر بکات، ئێستا هەر لە ڕۆژنامە و هەر لە سایتەکان و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن، کە هەموو ئەوانەش بەشێکن لەو کراوەییە سیاسییەی کە هەیە لە ساحەکەدا، یەکگرتوو بەوپێیە دەبێت هاتبێتە پێش، بەڵام وەك باسمان کرد یەکگرتوو تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەیەوێت واقیعی بێت و حیسابی ئەوە بکات کە ئەو ساحەیە زۆری لەسەر سەرف کراوە تا دروست بووە و ئەو ئەزموونە ماندووبوونێکی زۆر بووە، تا هاتۆتە بەرهەم، دروست نییە بە رادیکاڵیەت و بە حاڵەتێکی توندڕەوانە ئیسلاح بکرێت، کە ناوت برد بە ئیسلاح و چاکسازی دەبێت تەدەروج حساب بکەیت، دەبێت حیسابی واقیعەکان بکەیت، واقیعی چاکسازیکە و واقیعی حاڵەتە چاکسازیکراوەکە و واقیعی ئەو دەزگا و کارەکتەرانەی کە بەشێکن لە گەندەڵیەکە، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین بەو شێوەی کە لەگەڵ ڕێزمدا گەنجێك، بۆ نموونە تەمەننای دەکات، یان تەسەوری ئەوە دەکات ئەم شتە هەر لەخۆیەوە دروست بووە، ئەویش بێت بە پەلە و بە شێوەیەکی رادیکاڵی چاکی بکات، یان بیگۆڕێت، ئێمە بڕوامان وانییە بەوە ناتوانین قەناعەت بکەین بەوە ناتوانین خوێندنەوەی خۆمان بگۆڕین لەگەڵ ئەوەش کە گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی ئالیات و میکانیزم و هۆکارەکانی چاکسازی و شێوازەکان بەردەوام هەیە و بڕواشمان بەوە هەیە، بەڵام بەو تەدەروجەی کە پێویستە و بەو واقیعبینییە کە پێوستە و، بەو خوێندنەوەی سیاقە مێژوویەکان و واقیعە قائیمەکان کە بەپێوە وەستاون، دەیانخوێنینەوە، لەگەڵ ئەوەش بڕوامان وایە کە ئەو ساحەیە پێویستی بە چاکسازی هەیە، پێویستی بە ئاڵوگۆڕ هەیە و، ئەو ئەندازەی کراوە لە ئاڵوگۆڕ و چاکسازی کەمە و دەبێت کاری زۆرتر بکەین، لە درێژخایەندا لەوانە بەزۆر کەم لەگەڵ لایەن و خەڵکی تریش یەك بگرینەوە، لەگەڵ ڕۆشنبیران یەك بگرینەوە، لەگەڵ خەڵکی خێرخواز و چاکەخوازی ناو هێزە سیاسییەکان لە هەموو هێزەکان یەکبگرینەوە.

تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر ڕیاری ئەوەی کرد کە پاش هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) کە یەکگرتوو بڕیاریدا بەشداری لە حکومەت نەکات پەیوەندییەکانی یەکگرتوو لەگەڵ پارتی و یەکێتی بە چ ئاراستەیەکدا چووە؟

ئەمینداری گشتی وتی: ئێمە بەشداری کردنمان لە حکومەت یەعنی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، هەر لە سەرەتاوە بڕوامان بەوە بوو کە دەبێت بەشداربین لە پرۆسەی سیاسی، هەر لە هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکان تاوەکو بەشداری حکومەت، کە ئەوکات حکومەت لە هەولێر بوو لە (١٩٩٦) وەك وەزیرێکی هەرێم، ئەو بەشداریە وەك حکومەتی هەرێم ویستمان بەشداری بکەین لەگەڵ ئەوەی تێبینیمان هەبوو، دواتریش بوو بە دوو ئیدارە، بەڵام پاش چەند ساڵێك لە بەشداری بەتایبەت لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە ئێمە هەستمان کرد بەشداری جارێکی تر لە حکومەت تۆزێك قورس بوو و حەزمان لێی نەبوو، بەڵام ئەوەیشی هەبوو کە تازە ئیدارە یەکی گرتبۆوە لە کابینەی پێنجەم، نەدەکرا بەشدار نەبین، چونکە ئێمە خوازیاری ئاشتبوونەوە و یەکگرتنی ئیدارە بووین، دەبووایە بەشدار بین، بە نابەدڵی لە کابینەی پێنجەم بەشداربووین، دوو وەزیرمان هەبوو لەو چوار ساڵەدا، بەڵام هەر لە ساڵی یەکەم و دووەمەوە ئێمە هەم ڕێکخستنەکانمان پێیان ناخۆش بوو و هەم خۆشمان هەستمان دەکرد کە کاریگەریمان بەو شێوە نییە، چونکە نە بەشداریەکە ئەو قورساییەی هەیە، دوو وەزیر لە (٤٢) وەزیر چی دەکات، هەم حاڵەتەکەش وابوو ئێمە نەتوانین ڕۆڵێکی کاریگەر ببینین، لەبەر ئەوە پاشکۆیەتیش حەزمان لێی نەبوو، بەڵام هەر ڕامان کێشا، بەشێوازی تر تەعبیرمان کرد لە ڕەخنەی خۆمان، تاوەکو کابینەی شەش هات، ئێمە پێش ئەوەی کابینەی شەش بێت و پێش ئەوەی بزانین کێ دەبێتە سەرۆك وەزیران بڕیاری خۆمان وەرگرتبوو کە ئەمجارە بەشدار نابین و، هەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا لەگەڵ هێزەکانی تریش ئەو باسە زۆر کرابوو، بەڵام **کە گەیشتە ئەوەی کابینە کە تەشکیل بوو ئێمە ئیعلانی هەڵوێستی خۆمان کرد بەبێ ئەوەی کەس دەست ببڕین، دوو قسەییمان نەبوو، یەك قسە بوو**، بەڵام هەندێ تەکلیفمان کرد و لەسەری چوون، ئێمە ئیحراج بووین لە بەردەمی ئەو مەوزوعەدا، بەڵام وتمان ئەوە بڕیارێکە و هەم ڕێکخستنەکانمان داوای ئەوە دەکەن، هەم خۆشمان قەناعەتی قیادیمان وایە کە بەشداری سوودی نییە، با تەجروبەی بەشدارنەبوونیش لە پەرلەمان ببینین، بەڵام لە حکومەت نەبین، ئەوەش هاوزەمان بوو لەگەڵ هەندێ گرفتی تری ناوخۆی هێزە سیاسییەکان، ئەوە ئێمە حەقمان پێوەی نییە، ئێمە لە پەوەندییەکانمان لەگەڵ پارتی و یەکێتی کە دوو هێزی سەرەکی پێکهێنەری ئەو حکومەتەن هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە و ئەم هەڵوێستەی ئێمە لە دژ حیزبی نەبووە، ڕاستە ئەوان حکومەتن، ئێمە وەك دەسەڵات گرفتمان لەگەڵیان هەیە، وەکو جەماوەر و دوو هێزی سیاسی گرفتمان لەگەڵ حیزب نییە، ئێمە دراوسێی یەکین و حیزبەکان پەیوەندیمان سروشتییە، ئەگەر خەڵکێك خراپی بخوێنێتەوە یان خوێندنەوەی تری ببێت ئەوە گرفتی ئێمە نییە، لەگەڵ حکومەتیش وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن قسەمان هەیە، ئەوەش هەر شێوازێکی یاسای و سروشتی خۆی هەیە.

رادیۆی زاخۆ پرسیاری ئەوەی کرد لە ماوەی بەشداری یەکگرتوو لە کابینەی پێنجەم، ئایا توانی نموونەیەکی ئیجابی پێشکەش بکات؟

لە وەڵامدا ئەمینداری گشتی وتی: وەك عەرزم کرد ئێمە لە کابینەی پێنجەم بەشداربووین و وەزیرەکانی ئێمە بە شایەتی هەموو برا وەزیرەکان و سەرۆك وەزیرانی پێشوو، دەوریان ئیجابی و کارا بوو، هیچ گرفتمان لەسەر ئەوە نەبووە، بەڵام ئێمە دەڵێین هێزێکی وەکو یەکگرتوو دەبێت تەزموونی ئەوەش بکەین کە لە حکومەتدا نەبین، چونکە لەم شێوازە ئیداریەدا بەحیساب بنکە فراوانە، بەڵام لە ڕاستیدا دوو حیزبی سەرەکی ئیدارەی دەکەن، ئەزموونێکە بە سەرکەوتووی نابینین و جۆرێکە لە بەشدار کردن لە مەسەلەیەکدا کە ئێمە تیایدا ناتوانین ڕۆڵی کاریگەر ببینین، چونکە بەو پشکەی کە هەمانە کەمین، لەبەر ئەوە گرفتەکە لە نەفەری ئێمە نییە، کە وەزیرەکەمان ناتوانێت کارا بێت، ئێمە وەزارەتێکمان هەبوو (وەزارەتی بازرگانی) لە نەبوونەوە وەزارتەکەی تەشکیل داوە و، بە شایەتی هەموولایەك سەرکەوتوو بوو. وەزیرێکشیمان کە وەزارەتی نەبوو، خودی پرۆسەی بەشداری کردن لە حکومەتێکی ئاوا بنکە فراوانی دەسەڵاتی تۆ لە بڕیاردا بەشدار نیت و بەشێوەیەك لەشێوەکان لە کابینەی حکومەتدا بەشداریت. تەعبیرێك من کاتی خۆی بەکارم دەهێنا "ئێمە لە حوکم و بڕیاری کوردستاندا بەشدار نین، ئێمە لە کابینەی حکومەتدا بەشدار کراوین" ئەمەش بەشداریەکی شکڵی دەبێت، چونکە قورسایی خۆمان هەر ئەوەندەیە، بەشداریمان هەر ئەوەندەی پێ دەکرا، بەشدار نەبوون بەپێویستی زانرا و بەشدار نەبووین، کوتڵەی یەکگرتوو لە تەشکیلاتی پێشووی خولی پەرلەمانی کوردستاندا، نۆ کەس بوون کاریگەری و حزوری خۆیان بوو و، ڕۆڵی خۆیان هەبوو، ئێستاش لە خولی تازەدا بەشداریەکی کارایان هەیە و بەشێوەیەکی یاسایی و ئوسوڵی کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، تا ئەو سێ چوار مانگەی کە بووە، دەبینین کە تاڕادەیەك ڕۆڵیان ئیجابییە و ئەکتیڤن، ئومێد دەکەین بتوانن هەروا بەردەوام بن.

کە گەیشتە ئەوەی کابینەی شەشەم تەشکیل بێت ئێمە ئیعلانی هەڵوێستی خۆمان کرد بەبێ ئەوەی کەس دەست ببڕین، دوو قسەییمان نەبوو، یەك قسە بوو،

سەرنوسەری هەفتەنامەی (الافق الجدید) دەپرسێت : دەوترێت نەخشەی سیاسی عێراق پاش (٣/٧) گۆڕانی بەسەردا دێت پێشبینی ئێوە دەربارەی ئەو گۆڕانە چی یە؟ لەوەڵامیشدا مامۆستا سەلاحەدین دەڵێت :

سروشتییە کە هەڵبژاردنی داهاتوو لە (٣/٧)دا بە وێستگەیەکی گرنگی گۆڕانکاری سیاسی و دیموکراتی دابنرێت لە عێراقدا، چونکە:

یەکەم: ئەوەی ئێسا لە ئاسۆدە دیارە، ئەو هاوپەیمانێتییە تائیفی و نەتەوەییەی کە هەیە ئێستا بەشێوەیەك لە شێوەکان گۆڕاوە، ڕێکەوتنی سیاسی و پرۆژەی نیشتمانی لەسەر ئاستی عێراق دروست بوو، سوننەی تێدایە، شیعەی تێدایە، عیلمانی تێدایە، ئیسلامیشی تێدایە، ئەمەش بەرەوپێش چوونێکی نەوعی باشە لە گۆڕەپانی عێراقیدا، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش چەند لیستێك هەیە کێبڕکێیەك دەکەن، ئەوەش هەر گۆڕانێکی نوێیە، بەرەوپێش چونە لە پرۆسەی سیاسیدا.

خاڵی دووەم: بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ لەپێشچاو گرتنی ئەو بارودۆخە ئاسایشەی لە عێراقدا هەیە، بڕوامان وایە پاش هەڵبژاردنی (٣/٧) حکومەتێکی نوێ پێك دێت، دەرهاوێشتەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیە، ئەو حکومەتەش ڕەچاوی زیاتر و حیسابی زیاتر دەکات بۆ پرۆژەی نیشتمانی عێراقی دوور لە تائیفیەت و هەر مانایەکی تر کە پێشینەی هەیە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا، ئەوەش چارەسەری خوازراوە کە پرۆژەی عێراقی چارەسەرە بۆ عێراقی فیدراڵی یەکگرتوو، بەشداری پێکهاتەی کوردی لە عێراقدا شتێکی سروشتییە و پێکهاتەی ئەساسییە لە پیکهێنانی حوکم لە عێراقدا، ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە هەڵوێستی کوردستانی یەك بێت، لەگەڵ فرەیی لە لیستەکاندا، یەك هەڵوێستی لە مەسەلە نەتەوەییە کوردستانیەکان و ئەو مەسەلانەی کە عێراق وەك دەوڵەتێکی ئیتیحادی دەهێڵێتەوە، ئەوەیە کە ئێمە پێشبینی دەکەین لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا هاوڵاتی عێراقی هەست بەوە دەکات کە پێویستی بە بەخۆداچوونەوە هەیە لە مەسەلە تائیفی و ڕەگەزی و مەزهەبی و تەنانەت دینیشدا، ئەوەش پێویستی بە پرۆژەیەکی نیشتمانی و ئیدارەیەك و پاڵێوراوانێك هەیە غەمی یەکەمیان نیشتمان و وڵاتی عێراق بێت، هەر یەکەشیان نوێنەرایەتی شار و پارێزگا و هەرێمی خۆی دەکات، بۆیە بەگشتی (٣/٧) وێستگەیەکی گرنگی مێژوییە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا.